

هەڵبژاردنی رەنگ، یان ئەو جۆرە ستایلە بۆ کراس و جلوبەرگ، هەنگاوێکی گرنگە، چونکە ئەو دوو لایەنە، سەرەکیترین هەنگاوە تاوەکو جلێکی جوان یان کراسێکی شایستە ئامادە بکەین، بەهۆی زۆری لە رەنگ و دیکۆری جلەکان، بۆیە ناکرێت شێوەیەکی سادە بەدی بکەین، بە مەرجێك دەبێت ئەو جلە لەگەڵ ئەو رەنگە دیاری کراو بێت کە رەنگەکە لەگەڵ کراسەکە گونجاو دەبێت. کراسی کوردی، لە جۆرەها رەنگ ئامادەکراوە، بەمەش دەکرێت جۆرە رەنگێك هەڵبژێرین کە جیاواز بێ لەگەڵ رەنگ و شێوەی دیکە، دەکرێ لەو بیرۆکەیە دوور بکەوینەوە کە رەنگی سپی تەنیا بۆ جلی بووکە، دەتوانین ئەو لایەنە بگۆڕین و دیمەنێکی دیکە هەڵبژێرین، بۆ نموونە دەتوانین رەنگی سپی هەڵبژێرین بۆ جلی کوردی،، کە دەبێتە یەکێك لەو جۆرە ستایلانەی دیمەن و جوانییەکی رازاوەی هەبێت، بەڵام رەنگی سپی بۆ کراس، پێویستی بە دیکۆر و ستایل دەبێت، بۆیە دەتوانین چەند شێوەیەکی جوان لەناو کراسەکەوە بێ، وەك شێوەی گوڵ، پەپوولە، گەڵای دار. کاتێك دەکەوێتە سەر کراسی ژێرەوە، دیمەنێکی دیکەش دەخاتە سەر جوانی کراسە کوردییەکە، بۆیە لەو هەنگاوە پێویستمان بە نەخش و رەنگی سپی دەبێت بۆ کراسێکی شایستەی کوردی لە رەنگی سپی.

# کراسی کوردی و رەنگی سپی

# پێڵاوی خانمان بۆ بۆنە و ئاهەنگ

جۆرها شێوە و مۆدەی پێڵاو هەن، کە وادەکەن خانمان تووشی سەرسوڕمانی ببن، بە تایبەت کاتێك بۆ کاتی ئاهەنگ و شوێنێکی تایبەت لە بۆنە و کاتە خۆشەکاندا، چ جۆرە پێڵاوێك لەبەر بکەن، ئەمەش وەك گرفتێکی خانمانە و لە هەڵبژاردنی جۆری پێڵاو یان جۆری ئەو پێڵاوەی لەپێی دەکەن، زیاتر بۆ بۆنە و ئاهەنگ، پێڵاوی رەنگی کراوە یان رەنگی زەق لەپێ دەکرێت، ئەو رەنگانەی بۆ بۆنە و ئاهەنگەکانەوە دەشێن، بریتیین لە : رەنگی پەمەیی – سوور- سەوز- سپی، هەر یەکە لەو رەنگانە، دەکرێ رەنگی پێڵاوی خانمان بێت لە ئاهەنگەکان، چونکە دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشی و دیمەنێکی تایبەت بە خۆیەوە، تەنانەت لەگەڵ گشت جۆرە جل و کەشی ئاهەنگدا دەگونجێت، بۆیە دەتوانین لە رێگەی ئەو رەنگانەوە، سوود لە جوانی و رێکخستنی نێوان پێڵاو و کراس بەدی بکەین، زیاتر بۆ بۆنە و ئاهەنگ پێڵاوی پاژنە بەرز و گەورە لەپێ دەکرێت، چونکە دیمەنێکی بەرچاوی هەیە، زیاتریش لەگەڵ جلی کوردی ئەو جۆرە پێڵاوە دەپۆشرێت، ئەو جۆرە پێڵاوە بە سادەیی لەپێ دەکرێت و بەشێکی زۆری پێ دیار دەخات، هەروەها پەنجەکانی پێ بە شێوەیەکی ناسك دەردەکەون.




# دەستە جلێک بۆ پاییز






لەگەڵ هاتنی وەرزەکانی ساڵ، مۆدە و جلەکانیش گۆڕانکاری و شێوەی تازەیان دەردەکەوێ، بۆیە دەبێ خانمان ئاگاداری ئەو لایەنە بن و هەر یەکە ئەو جۆرە جلە یان کەرەستە و ئێکسسوارە بەکاربهێنن کە لەگەڵ وەرزی تازە شیاو و گونجاون، ئێستا لە وەرزی پایزداین، کە وەرزی گەڵا وەرینە، بۆیە ئاراستەی دیکۆر و جوانی کەرەستەکان روویان لە مۆدەیەکی دیکەیە، مۆدە و ستایلی گشتی جلوبەرگیش، وەك رێچکەیەك بەرەو گۆڕانکاری دەچێت، دەستە جل و شتی تازە دێتە کایەوە، لەوانەش : پانتۆڵ، بۆدی و کراسی سەرەوە، جانتای دەست و گوارەی گوێچکە، پێڵاوەکانیش مۆدەی تازەیان بۆ دەردەکەوێت، لەگەڵ هاتنی وەرزی پاییز، دەتوانین مۆدەکان بەرەو دیمەنێکی دیکەو شێوەیەکی تازە بەرین، بۆیە لە رێگەی مۆدەی پانتۆڵی جینز، یان پانتۆڵی قوماش، هەروەها بۆدیەکی تەسك کە دەستە بگرێ، دواتریش کراسێك لە سەرەوەی بۆدیەکە دەپۆشرێت بۆ پاراستنی جەستە لە گەرمی و ساردیی ئەو وەرزە، بەڵام گرنگە رەنگی ئەو جۆرە جلانە جیاوازیان هەبێت، واتە دەتوانین رەنگی بۆدی و پانتۆڵەکە لە یەکدی جیاواز بن، کەچی دەکرێ رەنگی کراسەکەی سەرەوە لەگەڵ رەنگی جانتا و پانتۆڵ، لە یەکدی نزیك بن لە جۆری رەنگەوە، ئەو دەستە جلەش مۆدەی وەرزی پاییزی ئێستایە.







# دانانی ئێکسسوار لە جێگەی پشتێن



هەر کەرەستە و ئێکسسوارێك بە دیمەن و شێوازێکی خۆیەوە کاری لەسەر دەکرێت، وەك ئەو ئێکســـوارانەی جێگەی کەرەستەیەکی دیکە دەگرنەوە، وەك دانانی ئێکســـواری گەورە لەجێگەی پشتێن، کە مۆدەیەکی تازەیە دەکرێت سوودیان لێ وەربگرین لە جێگەی دیکەدا کاری لەســەر بکەین. یـــان کاتێك بمانەوێت لە جێگەی کەرەســـتەیەکی مۆدەکانی پێشـــوو، یان ئەو بەشـــانەی ئێستا لە مۆدەکاندا بەدی دەکرێت، سوود لە کەرەستەیەکی دیکە وەربگرین، وەك : بەکارهێنانی شـــاڵ، لە جێگەی رەفتە و شاڵەی سەر، واتە دەتوانین شـــاڵ لە مل بکەین، کە ئەویش مۆدەیەکی نایابە، یان لە رێگەی دانانی ئێکســـواری گەورە لە شێوەی پشتێن، ئێکسسواری پشتێن، مۆدەیەکی شایستە و جوانی هەیە، بەتایبەت کاتێك لەگەڵ کراس یان بۆدی دەپۆشرێت، ئەمەش وادەکات کە دیمەنێکی رازاوەی هەبێت، پشـــتێن لە دوو شوێن دەبەســـترێت، یەکێکیان کاتێك لەسەر ناوقـــەد دەبێت، یان زیاتر دەکەوێتە ســـەر ســـمت، هەروەها لە مۆدە تازەکانی بەســـتانی پشـــتێن، دەخرێتە ژێر سینگ، کە ئەوەش مۆدەیەکی تازەیـــە، وەك لـــەم کراســـە زەردەدا بە جوانی کاری بۆ کراوە، پشـــتێنی ئێکســـــوار مۆدەیەکی شـــیاو و کارامەی هەیە، بە جۆرێك نەخشێکی گەورەی لە پێشەوە هەبێت، هەروەها تەواوکاری لە شێوەی پشتێن بێت و بچێتەوە سەر پشت و بە ئاراستەیەکی ئاسۆیی ببەسترێت.





# رەنگەکانی ماکیاژی پشت چاو

ماکیاژ و جۆری بۆیە کردن، یەکێکە لە شایستەترین هەنگاو بۆ پیشـــاندانی مۆدەیەکی تازە و شیاو، بەمەش دەتوانین لە رێگەی ماکیاژی چاوەوە، دیمەنێکی جوان بە چاو ببەخشین، کـــە هەنگاوێکە بۆ رازاندنەوەی چـــاو، لە ماکیاژی چاودا، چەندیـــن بەش هەن، کە چاوەکان جوان و رازاوە دەکەن، لەوانە : رەنگی پشـــت چاو –ماســـکارا کردنی برژانگ- رەنگی بەشی خوارەوەی چاو-هێلکاری بۆ لێواری ژێرەوەی برژانگ، ئەمانـــەش وەك رێگەیەکی ســـەرەکی دەبیت کاتێك مۆدەیەك بـــۆ ماکیاژ کردنی چاو بەدی دەکەین. رەنگی پشـــت چاو، جۆری جوانی و شـــێوازی ماکیاژی چـــاو دیاری دەکات، کە دەبێتە هۆکارێکی تایبەت و رازاوە بۆ گۆڕینی شـــێوەی چاو، ئەو رەنگانەی لەم وەرزەدا بۆ ماکیاژی پشـــت چاوەکان دادەنرێن بریتیین لە : رەنگی، وەنەوشـــەیی – رەش و ســـپی تێکەڵ – سەوزی کاڵ، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ رەش تێکەڵ دەکرێت- رەساسی و سیلڤەر، ئەو رەنگانە هۆکارێکی گرنگن لە جوانیی دانانی ماکیاژی چاودا.

## داس و

داس بریتییە لە ئامێری دروێنە کردنی دەغڵ و دان و قرشە، بریتییە لە پارچە ئاسنێکی تیژ و کە بە دارێکەوە بەستراوەتەوە و شێوەی ئەو داسە نیو بازنەییە و ئەو شوێنەی لە دار دروست دەکرێت دەکەوێتە ناو دەست، داس لە ئاسن دروست دەکرێت و دەبێ زوو زوو تیژ بکرێتەوە، زیاتر لە ئاسنی پۆڵا دروست دەکرێت تاوەکو بەرگەی کارکردن بگرێت و زۆر بمێنێتەوە، لە کاتی تیژکردنەوەدا، هەندێك رۆن لە داسەکە دەدرێت و بە (هەسان)تیژ دەکرێتەوە، کە لە داسەکە دەدرێت، هەسانیش بریتییە لە جۆرە بەردێك کە بۆ تیژ کردنەوەی داس و داسووکە بەکار دەهێنرێت،



## دوو منداڵی سەیر بە دەست و قاچەکانیانەوە

ئەوانەی بەهۆی نەخۆشییە جینییەکان تووشی کێشە دەبن کاتێك لە سگی دایکیانەوە دەبن، کە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی کەم ئەندامی لە جەستەدا، بەڵام گرنگە ئەو کەسە بتوانێت لە ژیان بەردەوام بێت و وەك مرۆڤێکی ئاسایی هەوڵی کارەکانی خۆی بدات، ئەوەتا لە وڵاتی پاکستان، منداڵێك لە دایك بووە، کە (٦) قاچی هەیە، واتە (٤) قاچی زیادە، تەنانەت دەستەکانی هیچ کێشەیان نییە، وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی وایە، ئەو منداڵە خەڵکی شاری سوکورە کە دەکەوێتە هەرێمی سەند لە وڵاتی پاکستان، ئەمەو چارەسەری لە داهاتوودا بە نەشتەرگەری رەنگە (٢) لە قاچەکانی بمێننەوە، هەروەها حاڵەتێکی دیکە هەیە، ئەویش منداڵێکە لە وڵاتی بولگاریایە کە دەستەکانی نییە و بە قاچێکی شت دەخوات.





## کراسێک لە پارە بە (١٠٠) هەزار دۆلارە

لەلاتان سەیر نەبێت، ئەگەر لە شوێنێکی گشتی کراسێکتان بینی لە کاغەزی پارە دروست کرابێت، واتە لە جیاتی ئەوەی قوماش بەکاربهێنن، پارەیان بۆ دروست کردنی کراسێکی ئافرەتان دانابێت، لە وڵاتی فەرەنسا لەلایەن دیزاینەری جیهانی (لوسیان ماتیس) ەوە سەیرترین کراس دروست کرا کە تا ئێستا کاری لەم جۆرە نەکراوە، دوای ئەوەی پارەیەکی زۆر کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی کراسێکی لێ دروست بکات، دوای ماندووبوونێکی زۆر، توانی کراسەکە دروست بکات، نرخی ئێستای ئەو کراسە (١٠٠) هەزار دۆلارە، ئەگەر یەکێك بیەوێت بیکرێت و لەبەری بکات، بەڵام دەبێ ئاگاداری خۆی بێت لەوەی کەس کراسەکەی نەدزێت.



# داسووکە

هەســـان لە جۆرە بەردێك دروســـت دەكرێت كە جیاوازی لەگەڵ بەردی ئاسایی هەیە، لە كاتی كاركردن یان دروێنەدا، شتێكی دیكە لە دەستی پێچەوانەی دەستی داس و لە پەنجەكان دەدرێت، ئەویش پێدەڵێن : قەیناغ، ئەوەش بریتییە لە چەند پارچەیەكی ئاســـنین لە شێوەی پەنجە وایە و لە پەنجەكانی ئەو دەســـتە دەخرێــت، ئەوەی دەغڵ و دانەكەی پێدەگیرێت تاوەكو داســـەكە ببیڕێت، قەرەنگیـــش هەیە، كە بۆ هەڵگرتنی دەغڵ و دان كە لە دوای سەپان هەڵدەگیرێتەوە و كۆی دەكاتەوە، ســـەپانیش ئەو كەســـەیە كە كاری دروێنەی دەغڵ و دان دەكات.






## پردە كۆنەكەی هەولێر!

هەولێر شـــارێكی دێرین و كۆنە، ئەو شـــارە لە دێرزەمانەوە چەندین كاری ســـەیر و پێشـــكەوتنی بەخۆوە بینیوە، لەوانە بوونی شـــەمەندەفەر و قوتابخانەی كۆن و پردی پەڕینەوە لەناو جەرگەی شـــاردا، وادیارە پێشـــتر ئاوەڕۆی هەولێر هەبووە لە شـــێوەی رووبارێكی بچووك وابوو، بەناو هەولێردا تێدەپەڕی بۆیە پردیان بۆ دروست كردبوو، كە ئێستا نەماوە، ئەویش شوێنەكەی لەلای شێخی چۆلی بووە، كە ئێستا بۆتە چوارڕیانی زەعیم،، هەروەها ئەو پردەی كە لە پێشـــوودا هەبووە، كە بە پردی (مەحەتە) ناسرابوو، ئەوەیش پێش ســـاڵانی پەنجاكان، ئەو پردە ئێســـتا نەماوە و ئاوەڕۆكەش كراوەتە ئاو و زێراب كە بە ژێر پاركی منارەدا دەڕوات و دواتر دەچێتەوە گەڕەكی ســـایلۆ و پاشـــان بە تونیل دەچێتەوە تووڕەق، كە ئاوەڕۆی گشت هەولێر بەو زێرابەدا دەڕوات، پردەكە لە ئاسن دروست كرابوو، هەردوو لای بە كۆنكرێت ئامادەكرابوو، نێوان گەڕەكی تەعجیل و گەرەكی منارەی بە یەكتر دەبەستەوە، پێشكەوتنی هەولێر وای كرد كە ببێتە شارێكی خنجیلانە و جوان، بە نەوبووكی پایتەختی هەرێمی كوردستان دابنرێت.

## ئەم كوڕە پێڵاوی پێوانە ٦٠ لە پێ دەكات!

هەندێك لە مرۆڤ هەن، لە شـــێوە و رواڵەتـــدا وەك مرۆڤی دیكە نین، ئەوەش دیاردەی لێكنەچوون دروســـت دەكات و هەر یەكە بە شێوەیەك دەبێت، یان هەندێك لە منداڵییەوە بەشـــێكی جەستەیان جیاواز دەبێت لە مرۆڤەكانی دیكە، بەو پێیەی جیـــاوازی دەبێت و تاوەكو گەورە دەبێت، دەبێتە دیاردەیەكی ســـەیرتر، لە وڵاتی بەریتانیا، كوڕە گەنجێك لەگەڵ ئەوەی شێوەی وەك مرۆڤێكی ئاسایی وایە، بەڵام قەبارەی پێی لە كەسێكی سرووشتی گەورەترە، ئەو كوڕە ناوی (كارل جریفیفتس) ی (١٩) ساڵە و كەچی پێوەری پێی دەگاتە (٦٠) بە پێوەری پێڵاوی ئاسایی، واتـــە درێژی پێی دەگاتە (٤٠) ســـەنتیمەتر، بەمەش هیچ جۆرە پێڵاوێك بۆی نابێت و كاتێك بیەوێت پێڵاو بكڕێت دەبێت سەردانی كۆمپانیایەكـــی پێڵاو دروســـت كـــردن بكات.



# مانـــــای خـــەون

**قــژ :** لە خەودا پارەو تەمەن درێژییە، درێژ بوونی قژی ســـەر مانای تەمەن درێژییە، بە تایبەتی بۆ ئافرەت، کەزی قەرزە، لابردنی تووکی ســـمێڵ و بن هەنگڵ نەمانی قەرزە یان نەمانی غەم و خەفەتە هەروەها کەزی بە مانای پارە کۆکردنەوەش دێت، دەرچوونی تووك لە جێی نا ئاسایی باش نییە، سەرتاشین لەکاتی حەجدا هێمنی و ئاسایشە، درێژ بوونی قژی ســـەرباز مانای باش بوون و زیاد بوونی چەکەکەیەتی،، کەســـی غەمبار پرچی درێژ بێت غەمەکەی زیاد دەکات و غەمبار دەبێت، یەکێك دڵخۆش و کامەران بێت و لە خەودا ببینێت قـــژی درێژ بووە زیاتر دڵخۆش و کامەران دەبێت، ئافرەت پرچی ڕەش بێت هاوســـەرەکەی خۆشـــی دەوێت، ئافرەت سەرپۆشەکەی لادات هاوسەرەکەی لێی دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر بەردەوام ببینێت ســـەری ڕووتە هاوسەرەکەی بۆ ناگەڕێتەوە، ئەگەر هاوسەریشی نەبێت تا مردن شـــوو ناکات، درێژ بوونی تووکی بن هەنگڵ مانای بەدی هاتنی نیازو مەبەست و ئایین پاکییە، ئەگەر ئەسپێی تیدا بێت ئەوە مندالە، ڕووتانەوە و کەم بوونەوەی تووکی سەر باش نییە، تووك لابردن کارەساتە، قژ چەور کردن بە ڕۆن جوانییە، دەرچوونی تووك لە ناو دەست زۆر باشە.

**سەرچاوە: خەوننامە!**



## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




هەواڵێکی دڵخۆشـــکەر دەبیستیت کە کاریگەریەکی چاکی دەبێت لەســـەر ژیانت، لەبواری ســـۆزدارییەوە پێشوەچوون بەدی دەکرێت لەوانەیە بەناچاری لە پەیمانت پاشـــگەز ببیتەوە، ئەمەش لەئەنجامی بەرەنگاربوونەوەی کەسانێکە کە بوونەتە کۆسپ لەبەردەمت.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



بارودۆخـــت هەروەکـــو ڕۆژانی پێشـــوو باش دەبێت و ڕووداوەکان لەبەرژەوەندی تۆدا دەبن، هەروەها پێویســـتە زیاتـــر گرنگـــی بە ئەندامانی خێزانەکەت بدەیت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



بـــارودۆخ ئـــارام دەبێتـــەوە و هاوکاری بەخت بەســـەر هەموو گرفتەکانـــت زاڵ دەبێت، ڕەنگە گۆڕانکاریی چاکیش لە ژیانت ئەنجام بدەیت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



باری کۆمەڵایەتیت لەگەشـــانەوەدا دەبێـــت و لەوانەشـــە بەدیـــداری دۆســـتەکەت شـــاد ببیت، یاخود پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵدا بکەیت.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢



هەروەکـــو دوێنـــێ پێویســـتە ئاگاداری خۆت بیت و بەقســـەی کەســـیش هەڵنەخەڵەتێیـــت، لەوانەیە لەم ماوەیەدا خەرجییەکی زۆر بکەیت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



لەبواری ســـۆزدارییەوە بەرەو ڕووی گلەیی و گازاندەی دۆســـتەکەت دەبیتـــەوە، بۆیـــە پێویســـتە لەم لایەنەوە چاوێك بە ڕەفتارەکانت بخشێنیتەوە.

# یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی سەیرانگەیەکی کوردستانت بۆ دەربچێ .

د ی و ا ج ن ن

وەڵامی ژمارەی پێشوو : شڤان

# بۆ زاخـــاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شاگوڵ) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (بەشێکی جەستەی مرۆڤە، نێوان قاچ و ناوقەدە)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی هەیە)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٥+١+٥)کۆ بکەیتەوە بە مانای (چ بە دەنگی شێر دەگوترێ)

# جلی دوو ڕەگەز!



ئەو خانمە کچە لە وڵاتی نیوزیلەندا دەژی و یەکێکە لە فەرمانبەرانی کۆمپانیایەکی ئەو وڵاتە، نەریتێکی سەیری هەیە، کە ڕۆژانە بە جلی دوو ڕەگەزەوە دێتە سەر شوێنی کارەکەی، واتە جلێك دەپۆشێ کە نیوەی جلی کوڕە و نیوەکەی دیکەشی جلی کچە، ئەمەش وا نیشان دەدات ئەگەر لەلایەك سەیری بکەیت وەك کوڕ دەردەکەوێت، یان لەلایەکی دیکەوە سەیری بکەی کچە.

# وێنەیەکی پێچەوانەی سەیر



ئەمە وێنەیەکی سەیرە، ئەگەر بەم شێوەیە سەیری بکەیت، ڕەنگە بڵێ ئەو ئافرەتە چەند جوانە، بەڵام خوێنەری بەڕێز گۆڤارەکەی ژێر دەستت سەراوژێر بکە تا وێنەکە بە ڕاستکراوی ببینیت و ئینجا وێنەکە بە جوانی دەبینیت کە شێوەی ئافرەتەکە چۆنە، ئەمەش یەکێکە لە وێنە سەیرەکان کە دوو مانا دەبەخشێت.

## دیوانە شیعر



**دیلانی شاعیر دەڵێ :**

**ئەی لێو تەنك ئەی پرچ ڕەشە ڕیحانە**
**چی تۆی هێنا بۆ سرەوتی ئەم گیانە**
**کێ پێی وتی سنگ بریندار (دیلان)ە**
**وەرە پێشێ وادەی ئاخ هەڵکێشانە**
**وەرە پێشێ بەرامبەرم ڕاوەستە**
**لێت ئەپرسم یەك دوو وشەم مەبەستە**
**تۆ بۆ دڵت لەگەڵ ئازار پەیوەستە**
**بەزەییە، ڕێزگرتنە، یا هەستە**

**س:ماڵێك بۆ شیعری کوردی**

## پەندی پێشینان

- **کەسێ نەگبەتی بێتە سەر شانی پەڵوولە بخوات، دەشکی ددانی**
- **حەزدەکەی دوور بی لە گێرە و کێشە بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕابکێشە!**
- **لە ترس و خۆفی ماری بەدکردار**

**لەپەنا ئاور خۆم داوە حەشار**

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

زۆر ئاگاداری خۆت بەو ئەوەندە بە گازاندە مەبە لەهاوڕێکانت و وریای قسەکانیشت بە، ئەگینا لەوانەیە بەهۆی قسەیەك تووشی گرفت ببیت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

لایەنی سۆزداریت گەشەیەکی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و سۆزو خۆشەویستییەکی لەرادەبەدەر ڕووت تێدەکات، لەوانەیە دیارییەکی بەنرخیشت بەدەست بگات.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانیت دەرفەتێکی دیکەت بۆ دەڕەخسێت، هەوڵبدە خۆپەرست نەبیت و تۆزێك دووربین بەو هەندێك بەخۆتدا بچۆرەوە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بووژانەوەیەکی ئاشکرا لەسیماتدا بەدی دەکرێت، لەبواری سۆزدارییەوە دەرفەتێکی باشت بۆ هەڵدەکەوێت و لەوانەیە لە ئامانجت نزیك ببیتەوە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

زۆر گرنگی مەدە بە هەندێك گرفت کە خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕۆن، کەسێك پێشنیارێکت بۆ دەکات، پشتگوێی مەخە، باری تەندروستیشت فەرامۆش مەکە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بەپەلە هەڵسوکەوت مەکە، چونکە زەرەرمەند دەبیت، هەست بە بێزاری و دڵەڕاوکێ دەکەیت بەهۆی خەون بینینی ترسناکەوە، پشوویەك بدە.

## نوکتە

- یەکێك بۆ جاری یەکەمی بوو دەچێتە بەغدا، کە دێتەوە لێی دەپرسن، چی سەیرت بینی لەوێ؟ ئەویش دەڵێ : ئەوە سەیر بوو منداڵی بچووکیش فوول عەرەبی قسەی دەکرد!

- برادەری یەکەم: ئەوە تۆ چیت وەڵام داوەتەوە لە ئیمتحا؟

برادەری دووەم : وەڵا وەرەقەکەم بە سپی دایەوە دەست مامۆستا

برادەری یەکەم: ماڵت ئاوا بیت ئێستا مامۆستا وا دەزانێت لەسەر من نەقڵت کردووە.